

# توبا تیك سینغ

**سادات حەسەن مانتۆ***
**و: محەممەد عەبدوڵڵا**

دوای دوو ساڵ لە دابەشکردنەکە، بەبیری هەردوو حکومەتی پاکستان و هیندستاندا هات، ئەگەر بەندکراوەکان بگۆڕنەوە، ئەوا پێویستە شێتەکانیش بگۆڕنەوە. بەواتایەکی دیکە، پێویستە ئەو شێتە موسوڵمانانەی خرابوونە نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکانەوە لەهیندستان بدرێنەوە بەپاکستان، شێتە هیندۆسی و سیغەکانیش، ئەوانەی لە نەخۆشخانە دەروونییەکانی پاکستاندا بوون، پێویستە بدرێنەوە بە هیندستان.

مرۆڤ دڵنیا نییە ئەوەی پێیهەڵدەستن راستە یان نا، بەهەر حاڵ وەك لەسەرەتاوە بریاردرا، ژمارەیەك کۆبوونەوە لەئاستی باڵادا، لەهەردوو لای سنوور بە ئەنجام گەیشت، تیایاندا وادەی گۆڕینەوەی شێتەکان دیاریکرا. رێگە بە هەندێك لەشێتە موسوڵمانەکان درا لە هیندستان بمێننەوە، چونکە خێزانەکانیان هێشتا لەوێ دەژیان. ئەوانی دیکە هەموویان رەوانەی ناوچەی سنوور کران، بەڵام لێرە لە پاکستان، لەبەرئەوەی هەموو هندۆس و سیغەکان ئاودیوی سنوور بووبوون، مەسەلەی مانەوەی کەس نەورووژێندرا، بۆیە سەرجەم شێتەکان لەسیغ و هندۆسەکان لەژێر پارێزگاریی پۆلیسدا بۆ سنوور گوێزرانەوە.

کەس نازانێت لەوێ چی روویدا، بەڵام لێرە بە گەیشتنی هەواڵی گۆڕینەوەکە بۆ نەخۆشخانەی دەروونیی لەلاهور، هەندێك پێشبینیی زۆر سەرنجراکێش بڵاوبووەوە.

شێتێکی موسوڵمانی لێیە، ماوەی دوانزە ساڵە بەوردی کتێبی (زامندار) دەخوێنێتەوە، کاتێك هاورێیەکی لێی پرسی: ( مەلا سوهەیب، ئەم پاکستانە چییە؟) دوای ماوەیەك بیرکردنەوە وتی: ( شوێنێکە لەهیندستان، کەڵبەی خوێنمژەکانی لێدروستدەکەن). هاورێکەی تەواو قەناعەتی بەو وەڵامە هێنا.

له مەزاجێکی هاوشێوەدا شێتێکی سیخ لە هاوڕێکەی پرسی: ( سارادارجی، بۆچی دەماننێرن بۆ هیندستان؟ خۆ ئێمە ناتوانین بەزمانی ئەوان قسە بکەین)٠

هاوڕێکەی بەزەردەخەنەوە وتی: ( بەڵام من دەتوانم بە زمانی هیندستان قسەبکەم، زمانی هندۆسییە درندەکان، ئەوانەی بەردەوام بەرێوە خەڵك دەکوژن)٠

رۆژێکیان یەکێك لەشێتە موسوڵمانەکان، لە کاتی خۆشتندا زۆر بەتوندی دروشمی (بژی پاکستان)ی دەوتەوە، لەناکاو هەڵخلیسکاو لەهۆش خۆی چوو...

هەندێك شێتی لێیە لەوانەی بەراستی توشی شێتی نەبوون، بەڵکو زۆربەیان تاوانکارن و خێزانەکانیان بەرتیلیان داوەتە فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکان بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو بۆ ناردنیان بۆ نەخۆشخانەی دەروونیی لەجیاتی پەتی سێدارە٠ ئەم شێتانە بیرۆکەیەکی کەمیان دەربارەی هۆی دابەشکردنی هیندستان و دروستکردنی پاکستان هەبوو، بەڵام هیچ لەراستییە تەواوەکە نازانن، چونکە رۆژنامەکان هیچ بەکەس ناڵێن و پاسەوانەکانیش هەموویان گێژو گەلحۆن، کەس ناتوانێت زانیاریی گرنگیان لێبەدەستبهێنێت، ئەو کاتانەی گوێت لێیانە لەنێوان خۆیاندا قسەدەکەن، تاکە هەواڵی راست کە شێتەکان هەموو دەیزانن ئەوەیە کە پیاوێك هەیە بەناوی محەممەد عەلی جەناح، کە بە(سەرکردەی مەزن)یش ناسراوە، دەوڵەتێکی جیای بۆ موسوڵمانەکان دروستکردووەو ناوی پاکستانە٠ بەڵام زانیاریی تەواویان دەربارەی شوێن و دوورییە جوگرافییەکانی ئەو دەوڵەتە نییە، لەحاڵەتێکی ئاوهادا، هەموو کەسەکان کە بەتەواوی شێت نین سەریان لێشێواوە، لەوەی کە ئایا لە پاکستانن یان لە هیندستانن، ئەگەر لە هیندستانن، ئەی ئەو پاکستانە لەکوێیە؟ ئەگەریش لەپاکستانن، ئەی چۆن دەبێت ماوەیەکی کەم پێش ئێستا بەبێئەوەی لەجێی خۆیان جوڵابن، لە هیندستان بوون؟ لەراستیشدا یەکێك لەشێتەکان لەنێوان ئەم گەرەلاوژێیەی پەیوەست بە هیندستان و پاکستان، پاکستان و هیندستان، زۆر هەڵچوو تا گەیشتە ئەوەی لەجاران شێتتر بێت٠

رۆژێکیان لەکاتێکدا خەریکی گسکدانی گۆرەپانەکە بوو، بەسەر دارێکدا سەرکەوت و لەسەر یەکێك لەلقەکانی لێیدانیشت، بۆ ماوەی دوو سەعات دەربارەی گەرمترین و وروژێنەرترین بابەت: (هیندستان و پاکستان) موحازەرەیەکیدا، کاتێکیش پاسەوانەکان داوایان لێکرد بێتە خوارەوە، ئەو زیاتر سەردەکەوتە سەرەوە، کە هاواریانکردو هەڕەشەیان لێکرد، پێیوتن: (نامەوێت لە هیندستان یان پاکستان بژیم، پێمخۆشە لەسەر ئەم دارە ژیان بەسەربەرم)٠ دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر و کاتێك هەستی بەسەرما کرد، لەسەر دارەکە هاتە خوارەوەو دەستیکردە ملی هەموو هاورێ سیخ و هیندۆسەکانی و دایە پرمەی گریان، هەستی بەخەمۆکی دەکرد لەوەی کە بەجێیدەهێڵن و بۆ هیندستان دەرۆن٠

ئەندازیارێکی تایبەتمەند لەبواری بێسم-ی لێیە، کە پلەی ئوستازی بەدەستهێناوەو موسوڵمانە، لەهەموو شێتەکان جودا بووبۆوەو وا راهاتبوو بە درێژایی رۆژ بە بێدەنگیی لەرێرەوێك لەباخەکەدا، کە خۆی هەڵیبژاردبوو، هاتوچۆ بکات، ئەو گۆڕانەی ئێستا بەسەریدا هاتووە، داکەنینی هەموو جلەکانیەتی کە دایە دەست پاسەوانێك و ئێستا بەرووتی لەباخەکەدا هاتوچۆدەکات٠

شێتێکی قەڵەوی موسوڵمانیشی لێیە کە خەڵکی شاری شینیوت-ە، ئەندامێکی کارای هاوپەیمانیی ئیسلامیی بووە، وا راهاتووە رۆژانە پازدە بۆ شازدە جار خۆی بشوات، ئێستا لەناکاو وازی لەو خووە هێناوە٠ ناوی محەممەد (عەلی)-یە، بۆیە رۆژێکیان لەبەردەم هەمووان لەزیندانە تەنیاکەیەوە رایگەیاند کە بەراستی محەممەد عەلی جەناحە، واتە (سەرکردەی مەزن)، لەچاولێکەرییەکی ئەویشدا یەکێك لەشێتە سیخەکان یەکسەر خۆی کردە تارا سینغ، کار گەیشتە ئەوەی خوێنرشتن لەو بەندیخانەیەدا لەروواندا بێت، بۆیە راگەیاندرا کە هەردووکیان مەترسیدارن و گواسترانەوە بۆ دوو زیندانی تەنیایی٠

پارێزەرێکی گەنجی خەڵکی شاری لاهوری لێیە، بەهۆی خۆشەویستی یەکلایەنەوە شێتبووە، تووشی خەمۆکییەکی قورس هاتووە، کاتێك راگەیەندرا کە شاری (ئەمریستار) خراوەتە سەر هیندستان، چونکە ئەو کچە هیندۆسییەی کەوتبووە داوی خۆشەویستییەوە خەڵکی ئەو شارەبوو، هەرچەندە ئەو کچە زۆر بەتوندی ئەمی رەتکردبووەوە، بەڵام لەبیری نەدەکرد تەنانەت پاش شێتبوونیشی. بۆیە جامی تووڕەیی خۆی بەسەر هەموو سەرکردە هیندۆسی و موسوڵمانەکاندا رشت، ئەوانەی بڕیاری دابەشکردنی هیندستانیاندا، چونکە خۆشەویستەکەی هیندۆسییەو ئێستا خۆی بووەتە پاکستانیی. هەر کە بابەتی گۆڕینەوەکە خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، شێتەکانی دیکە داوایان لێکرد خۆڕاگربێت، چونکە دەینێرن بۆ هیندستان، ئەو شوێنەی خۆشەویستەکەی لێی دەژی، بەڵام پارێزەرەکە حەزی لەجێهێشتنی لاهور نەبوو، لەوە دەترسا لەشاری ئەمریستار نەتوانێت کارێکی پارێزەریی سەرکەوتوو پێکبهێنێت.

لەبەشی ئەوروپی نەخۆشخانەکەدا دوو شێتی هیندییە ئینگلیزەکانی لێبوو، کاتێك زانییان ئینگلیز ئازادیی بەخشیوەتە هیندو گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان تووشی خەمۆکییەکی توند هاتن، چەندین سەعات باسی داهاتووی چاوەڕوانکراوی خۆیان دەکرد لەنەخۆشخانەکەدا، ئایا بەشی ئەوروپی لەو نەخۆشخانەیەدا دەمێنێت یاخود لادەبرێت؟ ئایا لەمەودوا بەیانیان خواردنی ئینگلیزییان دەدرێتێ، یان ناچاردەکرێن (نانی هیندی تۆقێنەر) قوتبدەن.

پیاوێکی سیغی لێیە نزیکەی پازدە ساڵی لەو نەخۆشخانە دەروونییە بەڕێکردووە، بەردەوام هەندێك وشەی نامۆی دەوتەوە: (بروسکەبەزێن، سەرموقولات، نیسکی سەوز بۆ گڵۆپەکە). نە بەڕۆژو نە بە شەو نەدەنووست، پاسەوانەکان دەڵێن پازدە ساڵە چاوی لێکنەناوە، تەنانەت هەرگیز رانەکشاوە. ئەوەی جارجارە دەیکرد، تەنیا کەروێشکە خەو بوو، یان پاڵیدەدایە دیوارێکەوە، لەبەرئەوەشی بەردەوام بە پێوە دەوەستا، قاچەکانی یەکپارچە ببوونە برین و هەردوو سنگی پێی ئاوسابوون، لەگەڵ ئەو هەموو دەردە جەستەییەشیدا، هەرگیز بۆ پشودان دانەدەنیشت. بەردەوام بە گرنگییەوە گوێی بۆ مشتومڕی نێوان شێتەکان شلدەکرد کە دەربارەی هیندستان و پاکستان ئەنجامیاندەدا، یان سەبارەت بەگواستنەوەیان لەلایەکیانەوە بۆ لایەکەی دیکە. هەر کاتێکیش کەسێك دەربارەی رای خۆی لێیبپرسییایە، زۆر بەجدییەوە وەڵامیدەدایەوە: (بروسکەبەزێن، سەرموقولات، نیسکی سەوز بۆ حکومەتی پاکستان)، بەڵام لەم دواییانەدا حکومەتی پاکستانی گۆڕیبوو بە (حکومەتی توبا تیك سینغ). شێتەکانیش لەبارەی شوێنی (توبا تیك سینغ) پرسیاریان لێدەکرد، ئایا ئەوە ئەو شارەیە کە لێوەی هاتووە، کەسیش نازانێت لەهیندستانە یان لەپاکستان. هەرجارێکیش کەسێك هەوڵیبدایە بابەتەکە شیبکاتەوە، لەپڕ هەستی بەشڵەژان دەکرد، یان کاتێك بیزانیایە کە (سیالکۆت) کەپێشتر لەهیندستان بووەو ئێستا بەهەموو واتاکانییەوە لەپاکستانە. کێ دەزانێت... رەنگە لاهور-یش کە ئێستا لەپاکستانە سبەینێ راستەوخۆ بگوێزرێتەوە بۆ هیندستان، یان رەنگە هیندستان هەمووی ببێتە پاکستانێکی گەورە. ئەی کێ دەتوانێت جەختبکات و دەست لەسەر دڵی سوێند بخوات کە رۆژێك لەڕۆژان هیندستان و پاکستان لەبوون ناسردرێنەوە.

سەری ئەم شێتە سیغییە، هەندێك قژی کەم و بڵاوی پێوەیە، شێوەی ترسناك دەردەکەوێت، چونکە زۆر بە دەگمەن خۆی دەشوات، قژی سەری و ریشی تێکەڵ بووە، بەڵام ئەم پیاوە هەرگیز ئازاری کەسی نەداوەو بە درێژایی ئەو پازدە ساڵە شەڕی لەگەڵ کەسدا نەکردووە. فەرمانبەرە کۆنەکانی نەخۆشخانەکە لەیادیانە کە ئەم پیاوە زەویوزاری فراوانی هەبوو لە (توبا تیك سینغ)، دەرەبەگێکی زۆر دەوڵەمەندبووە، رۆژێك لەڕۆژان و لەناکاودا مێشکی لەکارکردن کەوت، خێزانەکەشی بەزنجیری ئاسن بەستبوویانەوەو هێنابوویان بۆ نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی مێشك و لەوێ بەندیان کرد. مانگی جارێك بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی، سەردانیان دەکرد، ئەم رێوشوێنە ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوامبوو، بەڵام کاتێك کێشەکانی دەربارەی هیندستان و پاکستان

پەیدابوو، ئەوانیش بۆ سەردانی نەهاتنەوە.

ناوی (بیشان سینغ)ە، بەڵام هەموو بە(توبا تیك سینغ) بانگیدەکەن، زۆر بەدەگمەن گرنگی بەزانینی رۆژ و مانگی ساڵ دەدات، یان ژمارەی ئەو ساڵانەی تا ئێستا بەسەریبردوون.

لەگەڵئەوەشدا بەردەوام و هەر لەخۆوە زۆر بە وردی وادەی سەردانی خێزانەکەی دەزانی، بۆیە پێشوەخت بە پاسەوانەکەی دەوت میوانەکانم بەرێوەن. لەو رۆژەدا خۆی بەباشیی بە سابون دەشت و جوان خۆی پاکدەکردەوە، قژی دادەهێناو بەزەیت سافیدەکرد. داوای جلە تایبەتەکانی دەکرد کە لە هیچ بۆنەیەکی دیکەدا لەبەرینەدەکرد. ئیتر بە جوانترین شێوە دەچوو بۆ پێشوازیی میوانەکانی. ئەگەر پرسیارێکیشیان لێبکردایە، یان بێدەنگ دەبوو، یان هەندێکجار دەیوت: (بروسکەبەزێن، سەرموقولات، نیسکی سەوز بۆ گڵۆپ).

کچێکی هەبوو هەموو مانگێك هێندەی سەرە پەنجەیەك زیادیدەکرد، کاتێکیش بووە پازدە ساڵ شۆخێکی جوانی لێدەرچوو. بیشان کاتێك بینی نەیناسییەوە، ئەو کاتەی منداڵ بوو هەر کە باوکی دەبینی راستەوخۆ دەگریا، ئێستاش کە گەورەبووە چاوی هەر پڕدەبێت لەفرمێسك.

ئەو کاتەی باسی هیندستان و پاکستان وروژا، لە هاورێ شێتەکانی دەپرسی کە (توبا تیك سینغ) کەوتووەتە کوێوە؟ لەبەرئەوەی وەڵامێکی تەواوی دەستنەدەکەوت، ئیتر تاسەی بۆ وەڵامەکە رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو، ئێستا میوانەکانیشی نەماوە، لەرابردوودا بەردەوام کاتی سەردانەکانی دەزانی، بەڵام ئێستا وا دەردەکەوێت بانگەوازی دڵی کە هەستی بەوادەی سەردانەکان دەکرد، کەربووبێت. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئەوانەی واراهاتبوو سۆزو میوەو شیرینی و جلیان بۆ دەهێنا، دووبارە سەردانی بکەنەوە، تەنیا ئەگەر بتوانێت پرسیاریان لێبکات کە (توبا تیك سینغ) دەکەوێتە کوێوە! بەدڵنیاییەوە ئەوان پێیدەڵێن لە هیندستانە یان لە پاکستان، چونکە دڵنیایە خۆیان لەوێوە دێن، لە(توبا تیك سینغ)، ئەو شوێنەی زەوییەکانی ئەمی لێیە.

پیاوێکی شێت لەشێتخانەکەیە ناوی (خواوەند)ی لەخۆی ناوە، بیشان جارێك لێیپرسی کە (توبا تیك سینغ) لە پاکستانە یان هیندستان، لە پێشدا هەر وەك خووی خۆی قاقایەکی بەرزی لێدا، پاشان وتی: (نە لەهیندستانەو نە لەپاکستانە، چونکە ئێمە هێشتا فەرمانی خۆمان دەرنەکردووە!).

بیشان جار لەدوای جار لێیدەپارایەوە فەرمانی خۆی دەربکات تا ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێبێت، بەڵام ئەو زۆر سەرقاڵبوو، چونکە چەندین فەرمانی دیکەی هەبوو کە دەبوایە دەریبکردنایە، لەکۆتاییدا بیشان جڵەوی خۆی لەدەسەتداو رۆژێکیان بەتورەیی وتی: ( بروسکە بەزێن، سەرموقولات، تیشکی سەوز بۆ گڵوپ، خوا هەموو ئەوانە بپارێزێت کەدەڵێن بەیانی باش)، رەنگە مەبەستی بوو بێت بڵێت ئەم خواوەندە، خواوەندی موسوڵمانانە، ئەگەر لەجیاتی ئەوە خواوەندی سیغەکان بوایە کەمێك گرنگیی پێدەدا.

چەند رۆژێك پێش وادەی گۆرینەوەکە، هاورێیەکی دێرینی موسوڵمانی لەشاری (توبا تیك سینغ)ەوە هاتە سەردانی، کە لەوەپێش هەرگیز سەردانی نەکردبوو، نیشان بەیەك نیگا سەیریکرد، پاشان رووی وەرگێرا بەشوێنی خۆیدا بگەرێتەوە، بەڵام پاسەوانەکە وەستاندی و وتی: ( ئەوە فەزڵەدینی هاورێتە، بۆ سەردانی تۆ هاتووەتە ئێرە).

بیشان نیگایەکی بۆ فەزڵەدین کردو پاشان دەستی بەورتەورتکرد، فەزڵەدین لێی هاتە پێشەوە دەستی خستەسەر شانی و وتی: ( ماوەیەکی دوورو درێژە دەمەوێت سەردانت بکەم، بەڵام بەهۆی کەمی کاتەوە نەمتوانیووە، کەسوکارەکەت هەمویان بەسەلامەتی گواستیانەوە بۆ هیندستان. چیم لەدەستهات بۆ یارمەتیدانیان کردم، کچەکەشت... روب کاور....)

دوو دڵ بوو لەقسەکردن و وەستا، بیشان سینغ هەوڵیدا بیری بکەوێتەوە: ( کچەکەم؟ روب کاور؟)

فەزڵەدین بەشڵەژاویی وتی: ( بەڵێ، ئەویش تەندروستی زۆرباشە، لەگەڵیاندا کۆچیکرد).

بیشان سینغ بێدەنگ بوو، دیسانەوە فەزڵەدین قسەی کرد: ( داوایان لێکردم جارجارێك بێمە سەردانت، ئێستاش بیستومە کۆچتان بۆ هیندستان پێدەکەن. سڵاوم بگەیەنە بەبرای ئازیزم بالبیر سینغ و فاوهافا سینغ و خوشکە ئامرێت کاور. بەبرام بالبیر سینغ بڵێ فەزڵەدین زۆرباشە. هەروەها پێی بڵێ ئەو دوو گامێشە قاوەییەی جێیهێشتن هەردووکیان زاون، یەکێکیان گوێرەکەیەکی نێرو ئەوی دیکەشیان گوێرەکەیەکی مێی بووە، بەڵام گوێرەکە مێیەکە دوای شەش ڕۆژ مردار بووەتەوە. زۆرباشە، پێم بڵێ دەتوانم چیت بۆ بکەم، من بەردەوام لەخزمەتتدام... هەندێك شیرینیشم بۆ هێناویت کە دروستکراوی ماڵەوەیە).

بیشان سینغ پاکەتەکەی لێوەرگرت و دایە دەست ئەو پاسەوانە لەبەردەمیدا وەستابوو. پرسیاری لەفەزڵەدین کرد: ( توبا تیك سینغ لەکوێیە ؟).

بەسەری سوڕماوەوە وەڵامیدایەوە: ( توبا تیك سینغ؟ مەبەستت لەپرسیارەکەت چییە؟، باشە، هەر لەو شوێنەیە کە بەردەوام لێی بووە).

بیشان سینغ لێی پرسی: ( پاکستان یان هیندستان؟).

( لەهیندستان، نا، نا، مەبەستم لەپاکستان)، فەزڵەدین ئەمەی بەشێوەیەك وت وەك عەقڵی لەدەستدابێت وابوو).

بیشان سینغ بەدەم بۆڵەبۆڵەوە ڕۆیشت: ( بروسکەبەزێن، سەرموقولات، نیسکی سەوز بۆ پاکستان و هیندستان، شەرمەزاری بۆ هەمووتان).

سەرجەم ئامادەکارییەکانی پرۆسەی گۆڕینەوە تەواوبوو. لیستی ناوی شێتەکانی دەگۆڕدرێنەوە لێرەوە دەنێردرێنەوە بۆ ئەوێ و لەوێوە بۆ ئێرە دەنێردرێن، وادەی گۆڕینەوەکەش دەستنیشانکرا. کەشوهەوا زۆر سارد بوو، ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس بەشێتە هیندۆس و سیغەکانەوە نەخۆشخانەی نەخۆشییە عەقڵییەکانیان لەلاهور جێهێشت و فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکانیش هاوڕێیان بوون، لەسنوور لەشاری واگا چاودێرانی پۆلیس کۆبوونەوە، دوای تەواوکردنی ڕێوشوێنە ڕۆتینییەکان دەستکرا بەگۆڕینەوەیان و بەدرێژایی شەو بەردەوامبوو.

دابەزاندنی شێتەکان لەئوتومبێلەکان و سپاردنیان بە کۆمەڵە فەرمانبەرەکەی بەرامبەر، کارێکی هەروا ئاسان نەبوو. هەندێکیان ڕازی نەبوون بە ئەندازەی یەك پەنجە لە شوێنی خۆیان بجوڵێن، ئەوانەش کە دابەزیبوون، بەهەموو لایەکدا ڕایاندەکرد، هەندێکی دیکە لە شێتە ڕووتەکان هەرچی جلێك فەرمانبەرەکان لەبەریانکردنایە، دەیاندڕاند، هەندێکیان جنێویان دەداو هەندێك گۆرانی دەوت، هەندێك دەگریاو هەندێك لورەلوری ئازاری دەکێشا.

کەس گوێی تەنانەت لەدەنگی خۆشی نەبوو، هەندێك ژنی شێتیش ئەم بەزمەیان هاوشێوەی ئەوانی دیکە، دەگێڕا، کەشوهەواکەش هێندە ساردبوو مرۆڤ چۆقەی دانی دەهات.

زوربەی شێتەکان بەگواستنەوەیان ڕازینەبوون، لەهۆی هەڵکەندنیان لەشوێنێك و نەفیکردنیان بۆ شوێنێکی دیکە تێنەدەگەیشتن. هەندێك لەوانەی دەیانتوانی بیربکەنەوەو برێك تێگەیشتنیان هەبوو، دروشمی: (بژی پاکستان!) و (پاکستان مراد ئاباد)-یان بەرزدەکردەوە، کەبووە هۆکاری شڵەژانی بارودۆخەکە، چونکە ئەم دروشمانە سۆزی ژمارەیەك لەموسوڵمان و سیغەکانی بزواند.

کاتێك نۆرە گەیشتە سەر بیشان سینغ و فەرمانبەرە بەرپرسەکە لەسنووری واگا لەتۆمارەکەدا ناوی نووسی، پرسیاری لێکرد: (توبا تیك سینغ لەکوێیە؟ لە پاکستان یان هیندستان).

فەرمانبەرەکە پێکەنی و وتی: (لە پاکستان)

بیشان سینغ، ڕاستەوخۆ بازێکی داو بەخێرایی بەرەو هاوڕێ دێرینەکانی ڕایکردەوە. پیاوانی پۆلیسی پاکستان گرتیان و هەوڵیاندا بیگێڕنەوە بۆ لایەکەی دیکە، بەڵام لەگەڵیاندا نەڕۆیشت، لێیپرسین: (توبا تیك

سینغ لێرەیە.....!)، ئیتر بەهەموو هێزی هاواریدەکرد: (بروسکەبەزێن، سەرموقولات، نیسکی سەوز بۆ گڵۆپی توبا تیك سینغ و پاکستان).

هەموو هەوڵێکیان لەگەڵیدا دا تا ئارامی بکەنەوەو سۆزی بۆ دەربرن: (بروانە، ئێستا توبا تیك سینغ چووتە پاڵ هیندستان، ئەگەر نەشچووبێت، هەر ئێستا دەیگوازینەوە)، بەڵام ئەم لەشوێنی خۆی نەجولا.

کاتێکیش ویستیان بەزۆر بیگوازنەوە، ڕۆیشتە شوێنێکی نێوەندو لەسەر قاچە هەوکردووەکانی ڕاوەستا، شێوەشی وا دەردەکەوت کەکەس ناتوانێت لەشوێنی خۆی بیجوڵێنێت، ئەوانیش هێزی زۆریان لەگەڵدا بەکارنەهێنا، چونکە کەسێکی ئازاردەر دەرنەدەکەوت، ڕێگەیان پێدا لەوێدا بوەستێت تا هەموو کارەکان تەواودەبێت.

پێش بەرەبەیان هاوارێك لەبیشان سینغەوە هات، کە هێشتا وەك کۆتەرە دارێك ڕەق ڕاوەستاوە، هاوارەکە بێدەنگی شەقکرد. ژمارەیەك لەفەرمانبەرەکان ڕایانکرد بۆ لای، بینییان ئەو پیاوەی شەو و ڕۆژ و بۆ ماوەی پازدە ساڵ بەپێوە وەستا، ئەوەتا ئێستا دەمەوڕوو درێژبووە.

لەوێ، لەودیو سیاجی تەلە درکاوییەکانەوە، هیندستانە. لێرە، لەپشت سیاجی تەلە درکاوییەکانەوە، پاکستانە، لەناوەڕاستیشدا ڕووبەرێك زەوی هەیە کە موڵکداریی بۆ کەس ناگەڕێتەوە، ئەوێ توبا تیك سینغ-ە.

**پەراوێز:**

* سادات حەسەن مانتو (١٩١٢- ١٩٥٥)، بەیەکێك لەداهێنەرە مەزنەکانی کورتە چیرۆك دادەنرێت، وەك مێژوونووسی هەواڵەکانی سۆزی مرۆڤایەتی و دووڕوویی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، چیرۆکەکانی لەجوڵاندنی نەوەیەکی تەواو دا سەرکەوتووبوو، پاش ئەوەی ئەو نەوەیە بە ترس و مەرگەسات و ئازار ئالودە کرابوو. زۆرجار بەنووسینی چیرۆکی بەربادیی تاوانبار دەکرا.

ئەو چیرۆکانەی دەربارەی دابەشبوونی هیند نووسیونی، جوانترین وەسفی کاریگەریی مەرگەساتە مرۆییەکانە کە ئەستەمە وشە گوزارشتیان لێبکات، بەڵام لای ئەو بەرجەستەبوو. ئەمیش وەك ڕاجیندار سینغ بیدی و وکیشان شاندەر، بەرهەمی جوڵانەوەی پێشکەوتووخوازی ئەدەبی ئوردییە. مانتو خاوەنی هێزێك بوو ناکرێت بە هاوچەرخەکانی بەراوردبکرێت. مانتو لەشاری ئەمریستار لەدایکبووەو گەشەی کردووە، پاشان چووەتە بومبای و لەوێ سیناریۆی فیلمی نووسیوە، دوای دابەشبوونیش چووەتە پاکستان و لەلاهور نیشتەجێ بووەو هەرلەوێ بەدڵشکاویی کۆچی دواییکردووە.

ئەم چیرۆکەش یەکێکە لەو چیرۆکانەی دەربارەی قێزەونی دابەشبوونی هیند نووسیویەتی، بەڵام لێرەدا لەدیدگای شێتەکانەوە ویستوویەتی ئازارەکانی مرۆڤ دەربخات و ڕەوتی سیاسیانەی وڵات مەحکوم بکات.

**** ئەم چیرۆکە لەم کتێبە وەرگیراوە:**
**قصص هندیه**
**ترجمە: هدی الکیلانی و د.ابراهی الشهابی**
**من منشورات اتحاد الکتاب العرب- دمشق ٢٠٠٥**